خەڵکانێك لە هۆزی عوکل وعورەینە هاتن، بەڵام هەوای مەدینەیان پێنەکەوت

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «خەڵکانێك لە هۆزی عوکل وعورەینە هاتن، بەڵام هەوای مەدینەیان پێنەکەوت، بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی پێکردن بەوەی بچن بۆ لای ڕانە وشترەکان (کە زەکاتن ولە دەرەوەی مەدینەن)، ولە میز وشیری وشترەکان بخۆنەوە، ئەوانیش ڕۆیشتن، کاتێك چاك بوونەوە؛ شوانەکەی پێغەمبەریان کوشت -صلى الله عليه وسلم-، و وشترەکانیان برد، لە بەیانیدا هەواڵ گەیشت بە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، ئەویش چەند پیاوێکی نارد بە دوایاندا، ولە نیوەڕۆدا هێنران، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانیکرد بە پڕینی دەست وقاچەکانیان، وبە پارچە ئاسنێکی گەرم چاویان کوێر کرا، وفڕێ درانە ناوچەی (حەڕە)، داوای ئاویان دەکرد، ئاویان پێنەئەدرا، ئەبو قیلابە دەڵێت: ئەوانە دزیان کرد وکوشتنیان ئەنجامدا، وکوفریان کرد لەپاش باوەڕ هێنانیان، ودژایەتی خودا وپێغەمبەرەکەیان کرد».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

کۆمەڵە پیاوێك لە هۆزەکانی عوکل وعورەینە هاتن بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ومسوڵمان بوونی خۆیان ڕاگەیاند، بەڵام تووشی نەخۆشیەك بوون کە ورگیانی گەورە دەکرد، بۆیە حەزیان نەکرد لە مەدینە بمێننەوە چونکە خواردن وهەوای مەدینەیان پێنەدەکەوت. بەهۆی ئەمەوە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی کرد بەوەی بڕۆن بۆ لای ڕانە وشترەکان کە بە خێر وزەکات بەخشراون، ولە شیر ومیزەکانیان بخۆنەوە، ئەوانیش ڕۆیشتن، کاتێك چاك بوونەوە وقەڵەو بوون وڕەنگیان بۆ گەڕایەوە؛ شوانەکەی پێغەمبەریان کوشت -صلى الله عليه وسلم-، و وشترەکانیان دزی، بۆیە هەواڵی ئەم ڕووداوە گەیشت بە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە سەرەتای ڕۆژدا، ئەویش ناردی بە دوایاندا، وگرتیانیان، کاتێك خۆر بەرزبوویەوە بە دیلی هێنران بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، وفەرمانیکرد بەوەی دەست وقاچەکانیان بپڕدرێتەوە، وچاویان دەربهێندرێت، چونکە وایان کرد بە شوانەکە، وفڕێدرانە ناوچەی حەڕە، داوای ئاویان دەکرد پێیان نەئەدرا، هەتاوەکو مردن. ئەبو قیبلابە دەڵێت: ئەوانە دزی وکوشتن وکوفریان کرد لە پاش ئیمان هێنان، ودژایەتی خودا وپێغەمبەرەکەیان کرد.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/66205